# یاسای سەندیکای خاوەن پیشە ئەندازەییەکانی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٨**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٤**

## بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٢یدا یاساکاری کردووە، ئەم یاسایەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای سەندیکای خاوەن پیشە ئەندازەییەکانی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

١ـ هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢ـ سەندیکا: سەندیکای خاوەن پیشە ئەندازەییەکان
٣ـ نەقیب: نەقیبی خاوەن پیشە ئەندازەییەکان.
٤ـ ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکا.
٥ـ دەست دانە پیشە: دەست دانە پیشەی دیاری کراو لە پەیڕەوی ناوخۆدا.

### بەشی یەکەم
### (دامەزراندن و ئامانجەکان)

**ماددەی دووەم:**

١ـ سەندیکایەک بەپێی ئەم یاسایە دروست دەبێت و پێی دەگوترێ (سەندیکای خاوەن پیشە ئەندازەییەکان)، کەسایەتییەکی مەعنەوی دەبێ و بارەگاکەی لە هەولێری پایتەخت دەبێت و بۆی هەیە لق لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوە.

٢ـ لیژنەیەکی ئامادەکار لە (١٥) ئەندام پێک دەهێنێ بە ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان تا هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام دەدرێ.

**ماددەی سێیەم:**

سەندیکا لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم مەبەستانەی خوارەوە کار دەکا:

١ـ بەشداری کردن لە پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی دیموکراسی و پشتگیری کردنی فیدرالیزم و چەسپاندن و پەرەپێدانی.

٢ـ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی و کۆمەلایەتی و ئابووری ئەندامانی سەندیکاو بەرگری کردن لە مافەکانیان و چاودێری کردنی بەرژەوەندییان.

٣ـ بەشداری کردن لە پێشخستنی پیشەسازی، بەهاریکاری کردن لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند.

٤ـ کۆشش کردن لە پێناوی دابین کردنی دوا ڕۆژی ئەندام لە بارەی نەخۆشی و پیریەتی و بێ کاریی.

٥ـ ڕێکخستنی بنەماکانی دەست دانە پیشە.

٦ـ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ سەندیکای هاوتای لە جیهاندا.

٧ـ ڕێکخستنی کاتەکانی بێ کاری و دەستەبەرکردنی هۆیەکانی حەسانەوەو ڕابواردن و دامەزراندنی یانەی وەرزشی و کۆمەلایەتی.

٨ـ پتەوکردنی پەیوەندیی برایانە لە نێوان دەرچووانی ئامۆژگاکانی ئەندازەیی (تەکنەلۆجیا ـ نەوت ـ کەیاندن).

## بەشی دووەم
## (چوونە ناو سەندیکاو ئەندامێتی)

**ماددەی چوارەم:**

ئەندام مەرجە ئەمانەی لێ بێتە دی:

یەکەم: عێراقی بێت و لە کوردستان نیشتەجێ بێت.

دووەم: بەتاوانێکی نا سیاسی یا ئابڕووبەر حوکم نەدرابێت.

سێیەم: بڕوانامەی دبلۆمی هونەری لە بەشەکانی (تەکنەلۆجی ـ نەوت ـ کەیاندن)ی هەبێت، یان فەرمانی زەوی پێوی (مساح)ی هەبێ لە یەکێک لە فەرمانگە حکومەتییەکان بۆ ماوەیەک ئەم کارەی کردبێت کە لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

**ماددەی پێنجەم:**

یەکەم: چوونە پاڵ سەندیکا بە داواکایەکی نووسراو دەبێت و، پێشکەش بە نەقیب دەکرێت و بەلگەنامەی پێویستی پێوە دەلکێنرێت.

دووەم: داواکاری چوونە ناو سەندیکا دەخرێتە بەر ئەنجوومەن لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە مێژووی تۆمارکردنییەوە ئەنجوومەن پێویستە لەو ماوەیەدا بیبڕێنێتەوە ئەگەر ماوەکەش تەواو بوو نەبڕاندرایەوە ئەوا داواکارییەکە بە قەبووڵ کراو دەژمێردرێت.

سێیەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکاری چوونە ناو سەندیکا ڕەت بکاتەوە بە بڕیارێکی هۆدار (مسبب)، خاوەنی داواکارییەکەش بۆی هەیە لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە مێژووی ئاگادارکردنیەوە تانەی لێ بداو بڕیاری دادگاش بە بنبڕ دادەنرێت.

**ماددەی شەشەم:**

یەکەم: ڕەسمی چوونە پاڵ سەندیکا بۆ ئەندام (٣٠) دینارە.

دووەم: ڕەسمی بەشداربوونی ساڵانە (٢٠) دینارە لەماوەیەک دەدرێ لە هەر ساڵێکدا کە لە مانگی شوبات تێناپەڕێ، ئەگەر ئەندام لە دانی ئەو ڕەسمە لە کاتی دیاریکراودا دووا کەوت (٥٠٪) لە ڕەسمی بەشداربوونی بۆ سەندیکا جەزا دەدرێ، ئەگەر بۆ ساڵی یەک لەدوای یەک بەبێ عوزرێکی ڕەوا پارەی نەدا ناوی لە تۆماری ئەندامان دەسڕێتەوە.

## بەشی سێیەم
## (پێکهاتەکان)

**ماددەی حەوتەم:**

سەندیکا پێک دێت لە:

١ـ دەستەی کشتی.

٢ـ ئەنجوومەنی سەندیکا.

٣ـ لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط).

٤ـ لقەکانی سەندیکا لە پارێزکاکانی هەرێمدا.

**ماددەی هەشتەم:**

دەستەی کشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی سەندیکا پێک دێت کەوا هەموو ئەرکێکی سەرشانیان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ کردووەو بە باڵاترین دەسەڵات دادەنرێت لە سەندیکادا، لە ناوەندی سەندیکا لە ناوەندی مانگی کانوونی دووەمدا هەر سێ ساڵ جارێک بە بڕیاری ئەنجوومەن و بانگهێشتی ئەقیب کۆبوونەوەیەکی ئاسایی دەبەسترێت بۆ هەڵبژاردنی ئەقیب و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەک بۆ پڕکردنەوەی ئەندامێتی ئەنجوومەن و ئەندامانی لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط)، نیساب بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەستەی کشتی تەواو دەبێ و لە کاتی تەواونەبوونی نیسابیشدا دوا (١٥) ڕۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم لە هەمان کات و شوێندا هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت و نیساب بە ئامادەبوونی سێ یەکی ئەندامان بەتەواو دەژمێردرێ، بەپێچەوانەوەش ئەنجوومەن بە بەردەوام لە کارەکانی لە قەڵەم دەدرێ تا خولێکی تر.

**ماددەی نۆیەم:**

دەستەی کشتی کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بۆ ئەم مەبەستانە دەبەستێت:

یەکەم: ڕاستاندنی بودجەو حسابکاری دوماهی.

دووەم: گفتوکۆو بڕیاردان لەسەر ڕاپۆرتی ئەنجوومەن.

سێیەم: چاوپیاخشاندن بەو پێشنیارانەی کە دەربارەی هەمواركردنی یاسای سەندیکاوە پێشکەش کراون.
چوارەم: بڕیاردان لەسەر پێڕەوی ناوخۆ و هەمواركردنی.

**ماددەی دەیەم:**

یەکەم: دەکرێ بانگهێشتنی دەستەی گشتی بکرێ بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی لەم دوو حالەتەی خوارەوە:
١ـ بە بڕیارێکی هۆدار (مسبب) کە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەن دەیدەن.
٢ـ بە داواکارییەکی نووسراوی هۆدار سێ یەکی ئەندامانی دەستەی گشتی پێشکەش بە ئەنجوومەنی دەکەن و ئەنجوومەنیش لەسەریەتی بانگهێشتەکە دەربچووێنێ و ڕۆژی کۆبوونەوە دیاری بکات لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە مێژووی گەیشتنی داواکارییەکەوە.
دووەم: لە کۆبوونەوەکانی نائاسایی دەستەی گشتی نابێ لەو کارانەی کە لە بەرنامەی کاردا هاتوون و کۆبوونەوەیان لە پێناودا کراوە لە هیچ شتێکی تر بکۆڵدرێتەوە.

**ماددەی یازدە:**

یەکەم: ئەندامی بەشداربوو نابێ بەشداری کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی بکا نەکەر لە ڕووی بەرزەفتییەوە دەستدانە پیشەی لێ یاساغ کرابێ.
دووەم: بڕیارەکانی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی بە زۆرینەی دەنگ دەردەچوێندرێ و لە کاتی یەکسان بوونیشدا بەو لایەنە دادەلەنگێ کە نەقیبی تێدایە.

**ماددەی دوازدە:**

کاروباری سەندیکا ئەنجوومەنێک بەڕێوەی دەبا کە لەم ئەندامانە پێک دێن:
یەکەم: نەقیب، دەبێ ماوەیەک لەم پیشەدا دەست بەکاربووبێ کە لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێ.
دووەم: هەشت ئەندام، بە سکرتێر و نەقیبیشەوە ئەوانەی کە دەست بەکاربوونیان لەم پیشەیەدا لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێ.

**ماددەی سێزدە:**

یەکەم: ئەنجوومەن بە نهێنی لە نێوان ئەندامەکانیدا بریکارێک و سکرتێرێک هەڵدەبژێرێ.
دووەم: ئەنجوومەن دانیشتنە ئاساییەکانی خۆی بەلانی کەمەوە مانگێ جارێک دەبەستێ و دەشبێ دانیشتنی بەدەر (استثناء)ی بە بانگهێشتی نەقیب یان بە داواکاری سێیەکی ئەندامان ببەستێت.

**ماددەی چواردە:**

یەکەم: نیساب لە ئەنجوومەن بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان تەواو دەبێت، وە بڕیارەکانیش بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەهێندرێن، وە لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکان بەولایەنە دادەلەنگێ کە نەقیبی تێدایە.

دووەم: ئەگەر بەهەر هۆیەکەوە بێ شوێنی نەقیب چۆل بوو ئەوا بریکارەکەی شوێنی دەگرێتەوە یاخود سکرتێرەکەی ئەگەر جێگای بریکاری نەقیب چۆل بوو ئەوەش بۆ باقی ئەوەندە ماوەیەی کە ماوە.
سێیەم: ئەگەر یەکێک پایەکانی ئەنجوومەن بێجگە لەوانەی کە لە بڕگەی دووەمی سەرەوە ناویان هێندرا چۆل بوو بەهەر هۆیەکەوە بێت یەکێک لە ئەندامەکانی یەدەگ شوێنی دەگرێتەوە.
چوارەم: ئەگەر پایەکانی زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەن چۆل بوو ئەنجوومەن لەسەربەتی لە ماوەی دوو مانگدا بانگهێشتی دەستەی گشتی بکا بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەی کە ئەو پایانە پڕ دەکەنەوە بە هەمان ڕێگای باسکراو لەم یاسایەدا بۆ ئەوەندە ماوەی کە ماوە بەمەرجێک کە ئەوەندە ماوەیەی کە ماوەی لە شەش مانگ کەمتر نەبێ.

**ماددەی پانزدە:**

١ـ ئەنجوومەن ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:
أ ـ کارکردن بۆ هێنانەدی مەبەستەکانی سەندیکا.
ب ـ پێشکەش کردنی پێشنیار لەبارەی هەموارکردنی یاسای سەندیکاوە.
جـ ـ جێبەجێ کردنی کارەکانی دەستەی گشتی.
د ـ دامەزراندنی کارمەندانی سەندیکاو دیاریکردنی مووچەکانیان.
هـ ـ تەماشاکردنی داواکارییەکانی هاتنە ناو سەندیکا.
و ـ دەست نیشان کردنی ئەوانەی کە نوێنەری سەندیکا دەبن لە لیژنە ڕەسمییەکان و ئەوانی تر لە کاتێکدا کە نەقیب نوێنەرایەتی ناکات.
ز ـ هەواڵەکردنی کێشەو شکایەتەکان بۆ لیژنەی تایبەند.
ح ـ دامەزراندنی لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکاندا.
ط ـ پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی بۆ هێنانەدی مەبەستەکانی سەندیکا.
ی ـ قبول کردنی دەست لە کارکێشانەوەی نەقیب یان بریکارەکەی یان هەر ئەندامێک لە ئەنجوومەن یاخود لە لیژنەکان.
ک ـ ووردکارێک حسابکاری ساڵانە بڕاستێنێ بۆ ووردکاری ساڵانە.
ل ـ ڕێکخستنی خولەکانی هەڵبژاردن و بەڵگەنامەکانی ترو سەرپەرشتی کردنی کرداری هەڵبژاردن بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.
م ـ بڕیاردانی خۆ بە خودان کردنی ماڵ وعەقارو قبوڵ کردنی لەقەبەرکردن و پێ بەخشین.
ن ـ دامەزراندن وبەڕێوەبردنی یانەکان بە گوێرەی یاسای کۆمەڵەکان.
٢ـ ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندێ لەدەسەڵاتەکانی بدا بە لیژنەی لقەکان.

**ماددەی شانزدە:**

نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:
١ـ سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەنی سەندیکا.

٢ـ نوێنەرایەتی کردنی سەندیکا لەلای دەزگا دادوەری و ئیدارییەکان و دەستە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکان و ڕاستاندنی معامەلەکان و بەڵگەنامەی تایبەت بە سەندیکا، دەشتوانێ هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن کە بیەوێ.

**ماددەی حەڤدە:**

ئەندامی ئەنجوومەن بە دەست لەکارکێشراوە حساب دەکرێ ئەگەر لە سێ دانیشتنی یەک لەدوای یەک دا یان پێنج دانیشتنی پەراگەندەدا لەماوەی ساڵێکدا بەبێ عوزری ڕەوا ئامادە نەبێت.

**ماددەی هەژدە:**

لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) لە سێ ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێ. تایبەتمەند دەبێ بە تەماشاکردنی ئەو کێشەو شکاتکارییانەی ئەنجوومەن بۆی دەنێرێ، وە ئەو بنەمایانە پەیڕەو دەکات کە لەیاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا هاتووە.

**ماددەی نۆزدە:**

لیژنەی بەرزەفتی (الانضباط) دەسەڵاتی ئەم دەرهێنانی ئەم سزایانەی خوارەوەی هەیە:

أ ـ وریا کردنەوە (إلفات نظر).

ب ـ ئینزار.

جـ ـ لێ مەنع کردنی دەستدانە پیشە بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ زیاتر نەبێ.

د ـ ئەو کێشانەی کە بە تاوان دەژمێردرێن هەواڵەی دادگای تایبەتمەند دەکرێن.

وە دەربارەی فەرمانبەرانی فەرمانگە ڕەسمییەکان لێ مەنع کردن سنووردارە لەسەر ئیش لە دەرەوەی کاتەکانی دەوامی ڕەسمی، بەمەرجێک فەرمانگە تایبەتمەندەکە بە بڕیارەکە ئاگادار بکرێ.

**ماددەی بیست:**

یەکەم: دەکرێ تانە لە بڕیارەکانی لیژنەی بەرزەفتی بدرێ لەلای دادگای پێداچوونەوەی هەرێمدا لەنێوان ماوەی پانزە ڕۆژ لە مێژووی ئاگادارکردنەوە بە بڕیارەکە، وە بڕیاری دادگاش بن بڕە.

دووەم: سزا تەمیزکراوەکان بەسەر سەرپێچکاردا جێبەجێ ناکرێ تا پلەی بنبڕی وەرنەگرێ.

**ماددەی بیست و یەک:**

پێویستە ئەندم لەم کارانەی خوارەوە دوورکەوێتەوە:

یەکەم: پشت گوێ خستن یاخود کۆسپ خستنە بەر پیادەکردنی یاساو پێڕەوەکانی پەیوەندیدار بە سەندیکاکان و ئەو بڕیارانەی کە دەریان دەهێنێ.

دووەم: دەست دانە پیشە بەبێ نوێ کردنەوەی بەشداری ساڵانە.

سێیەم: چاودێری نەکردنی ڕەوشتی پیشەیی (المهنی) زەرەردان لە ناوبانگ و کەرامەتی پیشەکە.

چوارەم: هەڵگرتنی سیفەتی بەدرۆی لەقەبی پیشەیی یان سیفەتی پیشەیی یان ناڕاست، بەپێی یاساو پێڕەوە بەرقەرارەکان.

**ماددەی بیست و دوو:**

نیش و کاری لق لە پارێزگادا لەلایەن لیژنەیەک بەڕێوەدەچێ کە پێکهاتووە لە پێنج ئەندام و دوو ئەندامی یەدەک، ئەندامانی لق بە هەڵبژاردنی نهێنی هەر سێ ساڵ جارێک هەڵیان دەبژێرن، بە مەرجێک لەوانە بن کە پیشەکەیان کردبێ و ماوەکەی لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ، لیژنە لەنێوان ئەندامەکانیدا سەرۆکێک بۆ لیژنە هەڵدەبژێرێ.

## بەشی چوارەم
## (دارایی سەندیکا)

**ماددەی بیست و سێ:**

دارایی سەندیکا پێک دێ لە:

١- ڕەسمی چوونە ناو سەندیکاو بەشداری ساڵانە.

٢- ئەو پێ بەخشینانەی کە لەلایەنە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکان پێشکەش دەکرێ.

٣- پێدان و لەقەبەرکردنانەی لەلایەن ئەندامان و غەیری ئەوان پێشکەش دەکرێن دوای ڕەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان.

٤- قازانجی ئاهەنگەکان کە بۆ سوودی سەندیکا کراون.

٥- قازانجی چاپەمەنییەکانی سەندیکا.

٦- قازانجی ئەو پرۆژانەی پەیوەندییان بەو مەسحانەی کە سەندیکا پێی هەڵدەستێت.

٧- ئەو کرێیانەی کە سەندیکا بڕیاری لەسەر دەدا لە کاتێکدا کە بە کاری ناوبژی هەڵدەستێ.

٨- ڕەسمەکانی پشتکیری توانای دارایی ئەندام لە کەفالە و کرێ بەند لە نێوان ئەندامان و کەسی پەیوەنددار بە ڕێژەی (١٪) لە بڕە پارەی کەفالەو کرێ بەند.

**ماددەی بیست و چوار:**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێت.

**ماددەی بیست و پێنج:**

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و شەش:**

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستەکان

لە ئامانجە سەرەکییەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردی بە ڕابەرایەتی «بارزانیی نەمر» گەیشتنی گەلی کورد بوو بە مافەکانی بە هەموو توێژەکانییەوە، وە لەبەر گرنگی کەرتی پیشەسازی و ئەندازیاری لە هەرێم دا و بۆ ئەوەی پەلی ئەم دوو کەرتە بگرین تا ڕوو بەڕووی گرفتەکانی پەرەپێدانی پیشەسازی ببنەوەو کادیری ئەندازەیی لێهاتوو بێتە کایەوەو، بۆ ئەوەی چالاکی ئاوەدانکاری پەرە پێ بدەن و هەر لە ڕوانگەی واقیعی دیموکراسی و هەمەلایەنی و پشتگیری کردنی فیدرالیزم و چەسپاندنی، کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ئیقراری کردووەو خەباتی لەپێناودا کردووە، ئەم یاسایە دەرهێندرا.